پەیامی کۆمەڵێك نووسەرو ئەدیبو ئەکادیمیستی کورد
ستاندەرایزکردنی زمانی کوردیی

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی پارلەمانی کوردستان
بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
بەڕێزان وەزیرانی پەروەردە، خوێندنی باڵاو زۆشنبیریی
بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ی. ن. ك، پ. د. ك، یەکگرتووی ئیسلامیی و حیزبە کوردستانییەکان

پەیامی کۆمەڵێك نووسەرو ئەدیبو ئەکادیمیستی کورد بابەت/ ستاندەرایزکردنی زمانی کوردیی

هەنووکە، بەهەموو پێوەرە دیرۆکیی و زۆشنبیریی و دیمۆگرافییەکان، شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست بووەتە زمانی زۆشنبیریی و پەروەردەیی لە هەرسێ پارێزگا گەورەکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، کەرکوك و سلێمانی)، جگە لەوەی بووەتە زمانی هەڤپەیڤینی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەنێوان پایتەخت و هەموو هەرێمدا، بە دەڤەری بادینان و پارێزگای دهۆکیشەوە. شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست چیتر لەهجەیەکی لۆکال و میللیی نییە، بەڵکوو زمانی هەزاران کتێب و سەدان رۆژنامەیەو بازاڕێکی گەورەی کتێب و خوێندنەوەی لە کوردستاندا دروستکردووەو خەریکە دەبێتە زمانی فیکرو بیرکردنەوە لە بواری فەلسەفەو زانستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا و هەزاران زاراوەی زانستیی و مرۆیی تێڕژاوە. هەروەها، بەحوکمی واقیعی دیرۆکیی، جیۆگرافیی ، سیاسیی و رۆشنبیریی، کرمانجیی ناوەڕاست بووەتە ئەلقەی پەیوەندیی نێوان کرمانجیی ژوورو و کرمانجیی خوارو بەهەموو شێوەزارە جیاوازەکانیانەوە.

سەرباری کۆششی رژێمی پێشووی بەغداد بۆ پەرتکردنی کورد لەڕێگەی لەتکردنی زمانەکەیەوە، هەروەها سەرباری کارکردن لەسەر هەمان گوتاری شۆڤینیی لەلایەن هەندێ لە رەگەزپەرستە عەرەب و تورکەکانەوە، کە پێیانوایە کورد توانای یەکخستنی ئیرادەی سیاسیی و ستاندەرایزکردنی زمانی خۆی نییە، بەڵام تا ئێستا ئیرادەی کورد ، پابەندبوونی خۆی بەو شێوەزارەی زمانەکەیەوە پاراستووەو سەلماندووە.

ئەلبەتە لەم بارەیەوە هەموان، بە رۆشنبیرو سیاسیی و پەروەردەکارانەوە، بەرپرسیارێیەتی گەورەمان لەسەر شانە، بەڵام بەرپرسیارییەتی مێژوویی لەسەر شانی سیاسییەکان و دەزگا سەروەرییە باڵاکانی هەرێمە (وەك سەرۆکایەتیی هەرێم، پارلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران) کە پێویستە لەئاست هەستیاریی قۆناغەکەدا بن و ئەو حوکمی دیفاکتۆیە بۆ بریاری سیاسیی، تەرجەمە بکەن. چونکە مێژوو پێماندەڵێ بریارە چارەنووسسازەکان پێویستی بە سیاسەتمەداری دووربین و خاوەن هەستی دیرۆکیی و نیشتمانییە.

بەفەرمیی ناسینی شێوەزاری کارپێکراوی هەنووکەیی لە هەرێمی کورستاندا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە شێوەزارەکانی تر، بەتایبەتیی کرمانجیی ژوورو، هەورامانیی و لوڕیی و....تاد، بایەخیان پێنەدرێ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێویستە هاوکات بەشی زانکۆیی و پەپمانگای نیشتمانیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی دابمەزرێندرێ، بەمەبەستی دەولەمەندکردن و موتوربەکردنی ئەو شێوەزارەی کە ئومێد دەکەین لەم قۆناغەدا بە فەرمیی بناسرێ. چونکە وەنەبێ زمانی کارپێکراوی ئێستا زمانێکی ئایدیاڵ و بێ کێماسیی بێت و پێویستیی بەدەولەمەندکردن و گەشەپێدان نەبێت، بەڵکوو مەبەستمانە تەنها لەڕووی گرامەرو رێنووس و بەکارهێنانی گشتییەوە بەفەرمیی بناسرێ، دەنا لەڕووی وشەسازیی و زاراوەسازییەوە پێویستە زمانێکی کراوە بێ بەسەر هەموو شێوەزارەکاندا. زانستی زمانناسییش پێماندەڵێ زمان بوونەوەرێکی مێژوویی و رۆژ بەرۆژو سال لەدوای سال گەشەدەکات، تا ژمارەی هاوواتاکانیش (مرادفات synonyms) لە زماندا زۆرترین مانای دەولەمەندیی ئەو زمانە دەگەیەنێ، نەك پەرتبوون و لێکدابران. زمانی کوردییش پێویستیی بەهەموو شێوەزارەکانی خۆی هەیەو هیچیانی لێ زیاد نییە.

ئەو زمانەی کە مەبەستمانە بەفەرمیی بناسرێ هەمان ئەو زمانەیە کە زانای خوالێخۆشبوو (تۆفیق وەهبی بەگ) رێنووسی بۆ داناوە، زمانی یەکەمین حکومەتی کوردیی، حکومەتەکەی شێخ مەحمود و کۆماری مەهاباد بوو، پاشان سالی ١٩٥٩ لە کۆنفرانسی گشتیی مامۆستایان لە شەقلاوە جەخت لەسەر بەفەرمیی ناسینی کراوەتەوە، دواتر سەرکردەی خوالێخۆشبوو بارزانیی یەکەم و پارتیی دیموکراتی کوردستان لەدوای رێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠وە پشتگیریی ئەو هەنگاوەیان کردووە، بەتایبەتیی لەبواری پەروەردەدا. هەربۆیە هەنگاوێکی نیشتمانیی و دۆزێکی چارەنووسسازە کە دەسەلاتی کوردیی ئەو پێشینە مێژوویی و کولتووریی و سیاسییە بە فەرمیی زیندوو بکاتەوە بیکاتە بریاری سیاسیی.

هیچ دەسەلاتێکی سیاسیی، هەرچەند خاوەن هێزو زەبر بێ ، ناتوانێ بەزۆر زمانێك دابتاشێ یان بەزۆر زمانێك لەناوبەرێت، بەڵکوو دەتوانێ ئەو زمانەی، کە حوکمی واقیع دروستی کردووە، بە فەرمیی بناسێنێ و گەشەی پێبدا. پاشان زمان خۆیەخۆ، بەشێوازێکی سروشتیی، بە ڕشەو فرێزی شێوەزارەکانی تر، دەولەمەندتر دەبێ . بۆ ئەو مەبەستە هەندێجار دەسەلاتی سیاسیی پەنا دەبا بۆ ژێدەرە پیرۆزەکان و کتێبە ئایینییەکان، وەك لە ستاندەرایزکردنی هەردوو زمانی عەرەبیی و عیبرییدا، بەپشتبەستن بە زمانی قورئان و زمانی تەورات، پەنای بۆ برا. هەندێجاریش دەسەلاتی سیاسیی پەنادەبا بۆ ژێدەرە کولتووریەکان، وەك لە ستاندەرایزکردنی هەردوو زمانی فارسیی و تورکییدا پەنای بۆ برا، کاتێ زمانی باوی ئەدەبیی لە شارە گەورەکانی وەك شیرازو تاران و ئیستەنبولدا بە فەرمیی بریاریان لەسەر درا. یاخود لە ولاتی فڕانسە زمانی ئەدەبیی پاریس، لە ئیتالیا زمانی کولتووریی فلۆرێنس و لە زمانی چاینییدا شێوەزاری بەیجین کران بە بناغەی زمانی ستاندەردو لەرووی سیاسییەوە بەفەرمیی ناسران.

سەبارەت بە ستاندەرایزکردنی زمانی کوردیی، ئێمە وەك کۆمەلێك نووسەرو ئەدیب و ئەکادیمیست و رۆژنامەنووسی کورد، پێمانوایە و باشتر وایە دەسەلاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، سوود لە ئەزموونی دووەم وەربگرێ، واتە بەلەبەرچاوگرتنی ژێدەری کولتووریی لە هەرسێ پارێزگا گەورەکەی هەرێمی کوردستان لە کۆی چوار پارێزگاداو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کتێبخانە گەورەیەی کە لە سەردەمی میرنشینی بابانەوە شاکاری ئەدەبییی و کولتووریی و رۆژنامەوانیی و وەرگێڕانی جۆراوجۆری تێدەڕژێ. تا هەنووکەش، لە سەردەمی بەپایتەختبوونی هەولێردا، لە دەولەمەندبوون و گەورەبوون و گەشەکردنی بەردەوامدایە.

ئاشکرایە لە دۆخی نەتەوەیی ئێمەدا یەکێك لە هۆکارەکانی پارچەپارچەبوونی نەتەوەیی، یەکێك لەلاوازییەکانی گوتارو بونیادی ناسیۆنالیستی کوردیی، نەبوونی زمانێکی ستانداردە کە ببێتە زمانحالی ڕەمزیی قەوارەی کوردیی، چونکە قەوارەی نەتەوەیی تەنها بەدامودەزگاو باڵەخانەو لەشکر دروست نابێ و نایەتە پاراستن، بەڵکوو بەقوتابخانەو چاپخانەو زمانی هاوبەشیش دێتە بوون. ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی سادەوە دەکاتە ئەندامێکی پابەندی نەتەوەکەی، ئەو خەیاڵ و پەیوەستبوونە سیمبۆلییەیە کە لەناو زماندا دروست دەبێ .

بۆیە پێشنیار دەکەین:

یەکەم: بەیاسایەك بریاربدرێ لەسەر بەفەرمیی ناسینی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست، وەك بەردی بناغەی زمانی ستاندەردی خوێندن و مامەڵەی نێوان دەزگا حکومییەکان. هاوکات، بەگوێرەی هەمان بریار، دەکرێ قوتابی و خوێندکار پابەندبکرێن کە لە پرۆگرامی (زمانی کوردیی)دا ئاشنایەتیی تەواو لەگەڵ هەموو شێوەزارەکانی تری زمانەکەیاندا پەیدا بکەن، لەپێناو زەمینەخۆشکردن بۆ ئەوەی شێوەزارە جیاوازەکان لەیەکتریی نزیکتر بکرێنەوە.

دووەم: بەیاسایەکی هاوپێچ (مرفق) بریاربدرێ لەسەر دامەزراندنی پەیمانگایەکی نەتەوەیی (یاخود زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکان راسپێردرێن) بۆ لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەو ئارشیفکردنی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی و پێشکەشکردنی پێشنیاری بەردەوام، بۆ موتوربەکردنی زمانی فەرمیی بە وشەو فرێزو زاراوەی هەموو شێوەزارەکانی تر.

لە کۆتاییدا هیوادارین لە دڵسۆزییمان بگەن و ئەم خەمە بە هێند وەرپگرن...

لەگەڵ ڕێزماندا...

١٥-٠٤-٢٠٠٨

١. ئارام کاکەی فەلاح
٢. ئارام ڕەفعەت
٣. ئارێز سمکۆ حوسێن
٤. ئازاد بەرزنجی
٥. ئازاد سوبحی
٦. ئاسۆس هەردی
٧. ئەحمەد میرە
٨. د. ئەلبێرت عیسا
٩. د. ئەنوەر قادر جاف
١٠. ئەنوەری ڕەشی عەولا
١١. بەختیار عەلی
١٢. بەختیار کەریم
١٣. تابان کەمال عەلی
١٤. تاریق فاتیح
١٥. جەمال عەبدول
١٦. چۆمان هەردی
١٧. حوسێن عارف
١٨. دارای مەحامی
١٩. دانا ڕەووف
٢٠. دڵشاد حەمە
٢١. رابەر فایەق
٢٢. د. ڕەفیق سابیر
٢٣. ڕەووف بێگەرد
٢٤. ڕێبوار سیوەیلی
٢٥. ڕێبین ئەحمەد هەردی
٢٦. د. ڕێنوار ڕێبین (د. پشتیوان عەبدولا)
٢٧. سەڕبەست ڕەسوڵ
٢٨. سەلاح ئەحمەد
٢٩. د. شاهۆ سەعید
٣٠. شوان ئەحمەد
٣١. شێرزاد حەسەن
٣٢. شێرکۆ بێکەس
٣٣. شێرکۆ کرمانج
٣٤. عەبد عارف
٣٥. عەتا محەمەد
٣٦. عەدنان عوسمان
٣٧. د. فەرهێدون عەبدول بەرزنجی
٣٨. فەتاح زاخۆیی
٣٩. د. فوئاد حەمە خورشید
٤٠. کاروان کاکە سوور
٤١. کامیار سابیر (خەتاب سابیر)
٤٢. د. کەمال میراودەلی
٤٣. گۆران عەبدولا
٤٤. محەمەد حەمە باقی
٤٥. محەمەد قادر یونس
٤٦. د. محەمەد کەمال
٤٧. د. محەمەد ڕەووف سەعید
٤٨. مەریوان وریا قانیع
٤٩. نەوزاد ئەحمەد ئەسوود
٥٠. هێدرێن
٥١. هەلکەوت عەبدولا
٥٢. د. هۆگر مەحمود فەرەج
٥٣. هیوا قادر

شەن و کەو

گۆشەیەکی هەفتانەیە هەموو یەکشەممانێك
فرزەند شێرکۆ دەینوسێت

پێگەی کوردو ستراتیژی بەعەرەبکردنی ناوچەکە

فرزەند شێرکۆ

ئەیمەن زەواهیری گەورە بەرپرسی تۆری ئەلقاعیدە لە لێدوانێکدا کە ١٦ خولەکی خایاند رایگەیاند"ئەوەی لە عێراقدا روودەدات بریتییە لە پیلانێگڕییەك دژ بە بەغدا کە ئەمەریکا و ئێران تێیدا بەشدارن".

زەواهیری ناراستەوخۆ دەیەوێت کۆدەنگییەکی عەرەبی بەرامبەر هەژموونی ئێران و دەسەلاتی ئەمەریکا لە نیمچەدورگەی عەرەبیدا دروست بکات. زەواهیری لە دووەم کاسێتی مانگی ئەپرێلیدا کە بە بۆنەوەی پێنجەمین ساڵوەگەڕی "داگیرکردنی عێراق" بڵاویکردۆتەوە دەڵێت ئامانجی ئێران بریتییە لە دەستگرتن بەسەر عێراق و لکاندنی ناوچە شیعەنشینەکانی وڵاتانی عەرەبی و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ شیعەکانی لوبنان.

ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە، چوونییەکی لێدوانی ئەیمەن زەواهیری گەورە سەرکردەی ئەلقاعیدە و سەرانی کۆشکی سپیی ئەمەریکایە.

ڕایان کرۆکەر لە ڕۆژی (١٢)ی ئەپریلدا لە ئەمەریکاوە رایگەیاند "ئەگەر دەولەتانی عەرەب لە نفوزی ئێران نیگەرانن پێویستە دەسەلاتی دیبلۆماسی و ئابووریان لە عێراقدا فراوان بکەن".

ڕۆژی (١١)ی ئەپریلیش جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەمەریکا ڕەخنەی توندی لە ئێران گرت و تۆمەتباری کرد بە یارمەتیدانی میلیشیا چەکدارە ئاژاوەگێڕەکان لە عێراقدا. کۆدەنگیی ئەمەریکا و ئەلقاعیدە بەرامبەر ئێران مایەی تێڕامانە بەتایبەت کە دەوڵەتە سەردەستەکانی جیهانیی عەرەبی و ئیسرائیلیش بەهەمان دیدگاوە لە سیاستەکانی ئێران دەڕوانن لە ناوچەکەدا.

"گەرچی ئێران لە ماوەی ٢٥٠ ساڵی ڕابردوویدا لەشکرکێشیی نەکردۆتە سەر هیچ وڵاتێك" بەڵام کارکردنی بەردەوامی دەزگا میدیاییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا و پاشکۆکانیان لە دونیای عەرەبیدا وایکردوە زەین و تێڕوانینی خەڵکی و ڕای گشتیی وڵاتە خاوەن بریارەکان بەرامبەر ئێران بگۆڕێت. بەتایبەت بەپێی دوا ئاماری ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا: ڕای گشتی ئەو وڵاتە، ئێران بە گەورەترین مەترسی دەزانێت و ئەلقاعیدە و کۆریای باکور وەك هەرەشەی لاوازتر تەماشا دەکەن. لەبەرامبەردا لە کۆی هەر (١٠) عەرەبێك، (٨) کەسیان ئەمەریکا وەك دوژمن تەماشا دەکەن .تەماشاکردنێك کە پەبۆتە پێودر بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی عەرەب ...و سیاسەتدارێژەرانی دەولەتانی کەنداو، وەك هاوپەیمانی ستراتیژی، مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکا دەکەن.

وێناکردنی ئێران وەك دەولەتێك کە بەشوێن بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دا وێڵە، سیاسەتێکی تازە نییە و ئاژانسی نیستخباراتی ناوەندی ئەمەریکا لە نۆڤەمبەری ١٩٩٢ دا بڵاویکردەوە کە "ئێران دەتوانێت تا ساڵی ٢٠٠٠ چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێت". بەڵام ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا تازەیە لەلایەك باوەشکردنەوەی ئەمەریکایە بۆ گەڕاندنەوەی هەژموونی عەرەب لە عێراقدا و لەلایەك زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەپەرەستیی عەرەبە کە ساڵانێکی دوورودرێژ ، هێزە کۆلۆنیالیزمەکان، سەرقاڵی کوشتنی بوون. کۆنگرەی ٢٢ی ئەپریلیش کە بریارە بۆ کۆکردنەوەی دەولەتانی دراوسێی عێراق و نوێنەرانی ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە کوەیت بەڕێوەبچێت، هەنگاوێکی دیکەی ئەمەریکایە بەئاراستەی کارکردن بۆ زیندووکردنەوەی عەرەبچێتی بۆ ڕاگرتنی نفوزی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. لەمبارەیەوە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاشکرای کرد " ئامانجی کۆنگرەی وڵاتانی دراوسێی عێراق دووپاتکردنەوەی ناسامەی عەرەبیی عێراقە و کارکردنە بەو ئاراستەیەدا بۆ ڕێگرتن لە هەژموونی ئێران". پێشتریش لە کۆبوونەوەی ئەمنیی دیمەشقدا کە سەرەتای ئەم مانگە پۆ تاوتوێکردنی بابەت و قەیرانە ئەمنییەکانی عێراق بەڕێوەچوو، گرنگترین خاڵی کۆبوونەوەکە "پێداگریکردن بوو لەسەر سەلماندنی ناسنامەی عێراقی عەرەبی". عێراقێك کە بۆ دورخستنەوەی ئێران لێی، ناسنامەی نەتەوەکانی دیکەی کاڵدەکرێنەوە.

"فیل ریکەر"ی ڕاوێژکاری سیاسیی باڵیۆزی ئەمەریکاش لە عێراق لەم چوارچێوەیەدا رایگەیاندووە" عێراقییەکان هەشت ساڵ (١٩٨٠-١٩٨٨) لەگەڵ ئێراندا جەنگان بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەی عەرەبیی عێراق". ئێم لێدوانەی ریکەر جگەلەوەی پاساوهێناوەیە بۆ جەنگێکی وێرانکەری هەشت ساڵە، کە تێیدا کورد و کەمە نەتەوەییەکانی دیکە، کرانە سوتماك و ژێرخانی مرۆیی و ئابووری و زانستیی عێراقی داڕووخان... پیرۆزکردن و هاندانێکی ناڕاستەوخۆی عێراقییەکانیشە بۆ شەرکردن لەگەڵ ئێراندا بە پشتبەستن بە پاساوە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان. کۆنگرەی کوەیت" دریژکراوەی ستراتیژی نوێی ئەمەریکایە بۆ بەعەرەبکردنی زیاتری عێراق کە دەسکەوتە مەزهەبی و نەتەوەییە بەدەستهاتووەکانی پاش ڕووخانی رژێمی سەدام حسێن دەخاتە ژێرپرسیارەوە و پێگەی نەتەوەیی کوردیش لە هاوکێشەی عێراقی عەرەبیدا دەگۆڕێت.

هاوڵاتی وردەکاریی چۆنێتی کوشتنی رۆژنامەنووس بێگەرد حسێن لەسەر زاری هاوسەرەکەیەوە بلاودەکاتەوە

بەدواداچوونی: نەجات ئەحمەد

شەوی ڕابردوو لە شاری هەولێر رۆژنامەنووسێکی ئافرەت لەلایەن پیاوەکەیەوە بە چەقۆ دەکوژرێتو پیاوەکەش دەستگیر نەکراوەو پۆلیسیش خەریکی لێکۆڵینەوەی زیاترنو پیاوەکەش دەڵێت کەی تۆڵەی خۆم کردەوە ئەوکات خۆم دەدەمە دەست یاسا.

بەهۆی کێشەی خێزانییەوە شەوی ڕابردوو رۆژنامەنووس بێگەرد حسێن کە ناسراوە بە بێگەرد قەڵاتی لەلایەن هاوسەرکەی خۆیەوە بەچەقۆ دەکوژرێتو تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵەش پیاوەکەی دەستگیر نەکراوەو هەڵاتووە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس شاری هەولێر عەبدولخالق تەلعەت بە **هاوڵاتی**ی وت" شەوی ڕابردوو بێگەرد لەلایەن مێردەکەیەوە بە چەقۆ کوژراوەو دواتر مێردەکەیەوە ڕایکردووەو دەستگیر نەکراوە،بەڵام خەریکی لێکۆلینەوەی زیاترین"، لەبارەی هۆکاری کوشتنەکەشی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر وتی"بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرتاییەکان ئەو ئافرەتە لەگەڵ پیاوەکەی کێشەیان هەبووەو دواتر پیاوەکەی وازی لێنەهێناوە تا دواجار شەوی ڕابردوو لە ماڵ کۆشتویەتی".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** کەوتوون هاوسەرەکەی بێگەرد دوو ساڵ لە بەندینخانەی مەعسکەر سەلام بەند کرابوو دوای بەربوونیشی بەردەوام کێشەی لەگەڵ بێگەرد دورستکردوە.

جێی ئاماژە پێدانە ڕۆژنامەنووس بێگەرد قەڵاتی خاوەنی یەك منداڵەو پێشتر لە هەفتەنامەی گوڵان کاری کردوەو لەچەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تریش بابەتی بلاوکردۆتەوەو نامیلکەی شعریشی چاپکردوە بە ناوی بۆنی سوتان لە ساڵی ٢٠٠٧و محەمەدی هاوسەریشی کاری هەڵە چنینی بۆ کردوەو پێشەکییەکەی نامیلکەکەش لەلایەن کەژاڵ ئەحمەدی ڕۆژنامەنووسی شاعیرەوە بۆ نووسراوەو مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ٤٥ی ساڵی ٢٠٠١ پێدراوە لەشاری سلێمانی.

بۆ زانیاری زیاتر **هاوڵاتی** توانی پەیوەندی بە هاوسەرەکەی بێگەردەوە بکات تا وردەکاریی کوشتنەکەی بێگەرد حسێنی ڕۆژنامەنووس لە زمانی هاوسەرکەی محەمەد مستەفا بڵاوبکاتەوەو لەمبارەیەشەوە سەرەتا هاوسەری بێگەرد ڕازی نەبوو قسەمان بۆ بکات، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی زۆر بەو شێوەیە محەمەد مستەفا هاوسەری بێگەرد بە **هاوڵاتی**ی وت"نازانم لە کوێوە دەست پێبکەمو لە کوێشەوە کۆتایی پێبهێنم"، دواتر محەمەدی هاوسەری بێگەرد هاتە سەر چۆنێتی ڕوودانی ئەو کارەساتەی کە شەوی ڕابردوو ڕوویدا و دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ وتی" ئەوە ژنی خۆم بووە، سەرەتا نیزانمان زۆر خۆش بوو هیچ ناخۆشییەك لەنێوانمان نەبوو، دواتر ویستی وەك ریکلامێك بۆ ڕۆژنامەنووسیو ئازادیی ئافرەت کار بکات بەڵام چاوی خیانەتی لەسەر بوو، ئەمەش من هەستم پێکردوو ڕۆژانە دەمبیستەوە کە خیانەتم لێدەکاتو دواتر کێشە کەوتە نێوانمان، ڕۆژانە کێشەکان گەورەتر دەبوون، بەمەش دوای دروستبوونی کێشەکان ئەو ژنە داوای جیابوونەوەی لەمن کرد، ئیتر چونیە لای مەلایەکو مەلاکەش ڕێنوێنی کردم کە تەنها یەك تەلاقی بەتاڵ بکەمەوەو سێ مانگ مۆڵەتی بدەمێ هەر کاتێك دەیوت"تازە قسەکردن بەمن چی دایك وای پەسەر هاتو باوکیش وای لێهاتو منداڵەکەشمان کەس نازانێت چۆن دەڕیت و تازەش نەك یاساو حکومەت کەس ناتوانێ چارەسەری کێشەکەم بۆ بکات، چونکە ئەوها تێکچووە کەس نەتوانێ چارەسەری بکات"، هاوسەرەکەی بێگەرد ئەوکاتەی قسەی بۆ دەکردین جار ناجارێك دەیوت ئەوەی مالی منی کاولکرد زۆر باش دیارەو کەس نییە لە گەرەکەکەمان نەیناسێ، بەو شێوەیە دەستی لەگەڵ ژنەکەم تێکەڵ کردبوو خەریکی خیانەتکردن بوو لەگەڵ ژنەکەم، بایاسا بچێت ئەو کەس بگرێت نەك بەدوای منداو بگەڕێت".لەبارەی چۆنێتی کوشتنەکەی بێگەردیش هاوسەرەکەی بەدەم گرپانەوە وتی" دوێنی شەو چوومە مالێو یەکسەر چوومە ژوورەوەو بینیم ئەو پیاوەی کە خەڵك باسیان دەکرد کە پەیوەندی لەگەڵ بێگەرد هەبوو بەرەو ڕووم هاتو منیش کە چاوم پێکەوت لەگەڵ بێگەرد بوو نەمتوانی تەحەولی ئەو دیمەنە بکەمو پێش چاوم تاریك بوو، پیاوەکەش لەترسان دەستی بۆ شت برد لە حەوشەی مالی بێگەرد تا پارێزگاری لەخۆی بکات، بەڵام من بە چەقۆ بۆی چووم تا بیکوژم ئیتر دەستم نەپاراست بەڵام ئەو بێویژدانە هەر بێگەردی دەهێنایە پێشەوەو منیش هەر چۆقۆم ڕادەوەشاند بۆ پیاوەکە ئیتر پیاوەکە مەجالی وەرگرتو بەسەربانداو هەڵاتو منیش بەدوای کەوتم دوای چەند سەر بانێکو بەدوای کەوتم ئیتر خۆی لێ ونکردم منیش هەڵاتمو دواتر یەکسەر تەلەفۆنم بۆ ئاوڵزایەکم کرد، تەنها چۆنی چاکیم لەگەڵ کرد، بەڵام دوای نیو کاتژمێر ئاوڵزایەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم کە بێگەردیان بردۆتە نەخۆشخانەو مردوە ئیتر بەو شێوەیە بوو من زیاتر مەبەستم کوشتنی ئەو پیاوە بوو کە خەریکی تێکدانی ژیانی هاوسەریمان بوو نەك بێگەرد، بەڵام وا کەوتەوە نەك من هەر کەسێك ئەوە بێنێتە پێش چاوی کە بە چاوی خۆی بەو جۆرە ژنەکەی لەگەڵ یەکێك ببینێ چی دەکات، هەر چەندە ئەو کاتە بێگەرد لەمن تۆڕا بوو بەڵام ناکاتە ئەوەی من لەگەڵ یەکێك ببینم قسە نەکەم، چونکە بێگەرد هەر ژنی من بوو، کە کورەکەشم بینی زۆر باش ناسیمەوەو لەبەر ئەوە پێشتر هاوسێمان بوو "، محەمەدی مستەفا بەهۆی کاریگەریی ئەو ڕووداوەوە لەژێر کاریگەریی دەورنی زۆر خراپدا قسەی بۆ دەکردینو ئامادەی بەوەدا کەوا نیستا هیچ کەسی لە خانەوادەی بێگەرد سکاڵای لەسەرەد من نییە، چونکە ئەوانیش ئاگاداری ئەو خیانەتەی بێگەرد بوونو بە هەموو کێشەکەی ئێمەیان دەزانیو هەر لای منیان دەگرت نەك من هەموو ئەوانەی منو بێگەردیان دەناسی دەزانن خەتای کێ بوو وامانلێهات.

هاوسەرەکەی بێگەرد نەیدەتوانی ئەوە بشارێتەوە کە پێشتر چەندین جار بەدوای ئەو کوردا گەڕاوە، بەڵام وەك ئەوەی محەمەدێ بۆی باس دەکردین ئەو کورە خۆی بە بەرپرسێك بەستبووەوەو خۆێ لەپشت ئەو ناوە، دەنا زۆر لەمێژ بوو هەقی خۆم لێکردبووە، بۆیە دەشتیووت" چەندین جار تەلەفۆنم بۆ ئەو کورە دەکرد دەم وت کاکە وەرە قسە بکەین بزانم تۆ چیت لە مالی من دەوێت کەچی ئەو بە ئیهمالیەوە بە منی دەوت وەرە لای مالێ یان بارەگای .... من وا لەوێم منیش لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی ئەو باسی دەکرد بەرپرس بوو نەمدەتوانی بچمە وێندەرێ"، لەبارەی چۆنێتی ناسینی ئەو کورە محەمەد وتی" ئەو کورە پێشتڕ هاوسێمان بوو، زۆر شتی لەبارەوە دەزانم، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا من خەریکی ئەوەم لەدوای دەگەڕێم تا بیدۆزمەوە تۆڵەی تێکدانی ژیانی هاوسەری خۆمو بێگەردو منداڵەکەمی لێبکەمەوە، بۆیە نامەوێت زۆر شت هەیە لەبارەی ئەو کورە ئێستا باسی بکەم، چونکە دەترسێم ئەو کورە بیخوێنێتەوەو بەلایەکدا خۆی بزر بکات".

لە دریژەی قسەکانیدا محەمەد بەدەم گریانەوە وتی" من ڕۆژی پێشتر لەگەڵ بێگەرد چوینە ناو بازاڕ بەیەکەوە سوراینەوەو شتمان بۆ منداڵەکەمان کڕیو جلو شتی یاریم بۆ منداڵەکەم کڕی، ئەگەر بمویستایە بێگەرد بکوژم دەمێك بوو دەمکوشت نەوەك بەوشێوەیە بیکوژم، بەڵام من زیاتر مەبەستم کورەکە بوو بەڵام بەداخەوە بەڕی نەکەوتبوو".

لەوەڵامی ئەوەی پایا جگە لەو کورە بێگەردی لەگەڵ خەڵکی تر بینیوە یان باسیانکردوە محەمەدی وتی" تەنها ئەوە کورە دەبینراو خەلك باسیان دەکرد تا دواجار خۆشم بینیم".

لە کۆتاییدا بەدەم هەڵکێشانی هەناسەی سارددەوە بە **هاوڵاتی**ی وت"من ئێستا چاوەڕێی گرتنی ئەو کەسە دەکەم هەر کاتێ ئەو کەسەی کە مالی منی کاولکرد دەستگیرکرا ئەو کات من خۆم دێمەوە بەردەم یاسا، بەڵام ئێستا خۆم بەدەست یاساوە بدەم دەمگرێتو لە بەندیخانەم دەکاتو دامدەزێنێتو کورەکەش بە کەیفی خۆی لەو ناوە پیاسە دەکاتو دەستگیری ناکات، بەڵام ئەگەر بەدەستی خۆم تۆڵەی بکەمەوە ئەو کات خۆم دەچمە بەردەم یاسا تا لێکۆڵینەوە لە کێشەکەم بکات، کە تازە زۆر زەحمەتە چارەسەر بکرێت بۆیە پێویست ناکات یاسا لەدوای من بگەڕێت چونکە زۆر ئەستەمە بمدۆزێتەوە تا تۆڵەی خۆم نەکەمەوە".

محەمەد لەبارەی ئیشو کاری ڕۆژانەی خۆشی وتی" من خەریکی کرینو فرۆشتنی مۆبایل بووم لەگەڵ ئەوەوش کاری ڕۆژنامەنووسیشم دەکرد".

هاوڵاتی هەوڵیدا پەیوەندی پە کەسوکاری بێگەردەوە بکات، بەڵام بەهۆی خراپی باری دەروونی ئەو خێزانەوە نەیتوانی لەلایەن مالی باوکی بێگەردەوە هیچی دەست بکەوێت.